# تا پێوە هۆشمەندەکان

تین پیۆ یا تا پیۆ یا گەرمی پیۆ ئەو ئامرازە سادە و ساکارەیە کە بۆ زانینی گەرمی یا تای نەخۆش بەکار دێت.. چەندین ساڵ تا پیۆ بریت بوو لە شووشەیەکی قەڵەم ئاسا کە لە دەم یا لە شوێنی دیکەی نەخۆشەکە دادەنرا و بەهۆیەوە دەزاندرا نەخۆشەکە گەرمایی لەشی چەندە.. ئێستا ئەوانیش بەرەو سمارت و هۆشمەند بوون ڕۆیشتوون.. لێرەدا چەند نموونەیەک لە تاپێوە سمارتەکان باس دەکەین...



## تا پێوی جۆری (kinsa)




تا پێوی (کێنزا) کە لەلایەن ڕێکخراوی خۆراك و دەرمانی ئەمەریکاوە بە پەسەند داندراوە، وردبینی و خێرایی زۆری لە پێوانی گەرمی لەش هەیە. پرۆگرامێکی تایبەتی بۆ داندراوە و پەیوەند دەدرێت بە مۆبایلە هۆشمەندەکان، بە هۆیەوە گەرمای لەش، هێماکانی دیکەی نەخۆش و چۆنییەتی بەکارهێنانی دەرمانەکان دەخاتە ژێر چاودێری، ئاکامەکەش وەك ڕاپۆرتێك بۆ سەرپەرشتیارانی نەخۆش دەنێرێ.

تایبەتمەندییەکی گرنگی تا پێوەکە ئەوەیە دەتوانی بەپێی تەمەنی بەکارهێنەر ڕێژەی تایەکەی، ڕێنوێنی پێویست دەخاتە چاودێرانی نەخۆش و ئەوکاتەی کە پێویستی بە دکتۆر کرد چاودێران ئاگادار ذەکاتەوە..




## تا پێوی جۆری (fever smart)

تا پێوی فیڤەر سمارت بەکارهێنانی زۆر ئاسانە، وەك لەزگە وایە و لە لە شوێنی مەبەستی نەخۆش دەدرێ، بەهۆی ئەپلکەیشنێکەوە زانیارییەکان بۆ مۆبایل یا ئینتەرنێت بەڕێ دەکات. هەرکاتێك هەستی بەوەی کرد نەخۆشەکە گەرمای لەشی زۆر بووە و گەیشتۆتە مەترسی، چاودێرانی ئاگادار دەکاتەوە. زانیاری گەرمی لەشی نەخۆشەکە سات بە سات تۆمار دەکات و دواتر دەکرێت وەك ڕاپۆرتێك سەیری بکەی.



# تا پێوی جۆری (TempTraq)




تا پێوی تێمپ تراك تا پێوێکی سمارتە، تایبەتە بە منداڵ و ساوایان، بەشێوەیەکی ٢٤ کاتژمێری واتە تەواو وەخت گەرمای لەشی منداڵەکە دەپێوێ و زانیارییەکە بۆ مۆبایلە هۆشمەندەکان دەنێرێ. دایك و باوك پێویست ناکات هەمیشە لەسەر منداڵەکان بوەستن و دەتوانن لە ژووری خۆشیان ئاگاداری تەندروستی منداڵەکەیان بن.

# تا پێوی جۆری (Flo)





تا پێوی جۆری (فلۆ) کارکردی جێگای سەرنجە بۆ سوود وەرگرتن لەو تا پێوە پێویست بەوە ناکات لە جەستەی نەخۆشەکە نزیك بکرێتەوە. بەڵکو دەتواندرێ لە ناوچەوانی نەخۆشەکە نزیك بکرێتەوە، لە کەمتر لە چرکەیەکدا گەرمی و تای نەخۆشەکە بزاندرێ. ئیدی پێویست ناکات نەخۆش لە خەو هەوستێنی بەتایبەتی کە منداڵ بێت. ڕەنگی سەوز بە مانای ئەوەیە کە نەخۆشەکە ئاساییە و ڕەنگی سووریش نیشاندەری تایە.. (فلۆ) نە تەنیا بۆ نەخۆش بەڵکو بۆ گەرمی شتی دیکەش سوودی لێوەردەگیرێ، وەك گەرمی شیر، ئاوی حەمام. بە سوود وەرگرتن لە پرۆگرامێك کە بۆ ئەو تا پێوە داندراوە، دەتوانرێ بۆ هەرکام لە ئەندامانی ماڵەوە پرۆفایلێکی بە جیا دروست بکەی و زانیاری سەبارەت بە گەرمی لەشیان لەخۆیدا تۆمار بکات.




## ئێل جی و بڵندگۆی ٣٦٠ پلە



کۆمپانیای ئێل جی ئەمساڵ کۆمەڵێک سپیکەری تایبەتی بڵاو کردەوە کە بە شێوەی ٣٦٠ پلە واتە بە هەر چوار دەوری خۆیاندا دەنگ بڵاودەکەنەوە، بڵندگۆکانی PH2, PH3, PH4 ئەو بڵندگۆیانەن کە ئێل جی لە پێشانگای ساڵانەی IFA خستبوویەڕوو.

لە نێوان ئەو سێ مۆدێلەدا PH2 بچووکترینیانە و بەقەد تۆپێکی بچووک دەبێت، کێشێکی کەمی هەیە و بە ئاو تێکناچێت. بۆ ئەوانەی کە خەریکی وەرزش و جوڵەن زۆر گونجاوە.

مۆدێلی PH3 لە بواری دیزاین و توانا جیاوازە، زیاتر وەك مۆمێك دەچێت کە داگیرسابێ. بەشە داگیرساوەکە بە چەند ڕەنگێکی جۆراوجۆر دەگۆڕدرێت.

جۆری سێیەم واتە PH4 زۆر وەك سپیکەری جۆری Ue boom, JBL flip دەچێت. لەوانی دیکە گەورەترە و دەنگیشی بەرزترە. ئەمپلی فایرەکەی ١٦ واتە. هەرسێ سپیکەرەکە سیستەمی بلوتوس و جاکیان هەیە بە ئاسانی لەگەڵ ئامێرەکانی دیکە پەیوەند دەدرێن.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێك دەپرسێت ئایا بۆ سیستەمی ئەندرۆید ئەنتی ڤایرۆسی باش چییە، مۆبایلەکەم چ ئەنتی ڤایرۆسێکی لەسەر دابنێم؟**

خوێنەری بەڕێز دەبێ بڵێم لە ڕاستیدا هیچ ئەنتی ڤایرۆسێك کاریگەری ئەوتۆی نییە لە سیستەمی ئەندرۆیدا، ئەوانەی کە هەتا ئێستاش بەرهەم هاتوون جگە لەوەی شوێنێك لە مۆبایل داگیر دەکەن کێشەکان چارەسەر ناکەن.. کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی مۆبایلیش خۆیان پێشنیاری هیچ چەشنە ئەنتی ڤایرۆسێك ناکەن بەڵام بۆ سڕینەوەی ڤایرۆس پێویستە لە کۆمپیوتەر ڤایرۆسی مۆبایلەکەت بسڕیەوە.




## پرۆگرامێکی بەهێز هاوشێوەی فۆتۆشۆپ

ئێمە بە زۆری پرۆگرامی فۆتۆشۆپ وەك گرنگترین پرۆگرامی دەستکاری کردنی وێنە و کاری گرافیکی دەبینین.. راستە پرۆگرامەکە بەهێزە بەڵام زۆر پرۆگرامی هاوشێوەی ئەویش هەن.. بەڵام پرۆگرامەکانی کۆمپانیای coreلیش لەریزی فۆتۆشۆپ دا دەبن. یەکێك لەو پرۆگرامانە پرۆگرامی PaintShop یە. پرۆگرامێکی بەهێز بە تواناگەلێکی زۆرەوە، پشتیوانی کردن لە گشت جۆرە فۆرماتێك لە وێنەوە بگرە هەتا فایلی دەنگ و رەنگی. زۆر لە گرافیستە پیشەییەکان ئەو بە باشتر لە فۆتۆشۆپ دادەنێن. سەدان ئێفکتی جوان و سەرنج راکێشی تێدایە. ئەمانەی خوارەوە بە گشتی بەشێکن لە تایبەتمەندییەکانی:

- دەستکاری کردنی وێنە، مۆزیك فیلم..
- پشتیوانی کردن لە زۆربەی فۆرماتەکان.
- پشتیوانی کردن لە فۆرماتی RAW کەتایبەتی کامێرا دیجیتالیەکانە.
- ئەنجامدانی کارەکان بەشێوەی گروپ و هاوکات.
- دروستکردنی ئەلبۆمی دیجیتالی و زۆر تایبەتمەندی دیکە.....



## ویندۆز ١٠ لە بەفرگرێکی سمارتدا

هەموو ئامێرە تەکنەلۆژییەکان بەرەو سمارت و هۆشمەندی دەچن، ئێستاکە بەفرگر (ثلاجە) هەر ئەوە نییە کە کەلوپەلەکان بە ساردی بهێڵێتەوە نەهێڵێت تێك بچن.. ئێستاکە بەفرگرە سمارتەکان جگە لەوەی ئەرکی بەفرگرێکی ئاسایی ئەنجام دەدەن، ئاگادارت دەکەنەوە لە تێکچوونی کەلوپەلەکانیش لەوەش گرنگتر بەفرگری LG یە کە بە LG Smart Instaview Signature ناسراوە، بەفرگرەکە سیستەمی ویندۆز ١٠ی لەسەرە، بەکارهێنەر دەتوانێت مێژووی تێکچوونی کەلوپەلەکان بنوسێ و کاتێکیان بۆ دیاری بکا، هەروەها دەتوانێ خاڵەکانی تەندروستی و بەرنامەی رژێمی خۆراکی بۆ خۆی دابنێ و یان یادداشت بۆ ئەندامانی دیکەی ماڵەوە بنووسێ.. کابانی ماڵ دەتوانێ هەر لە بەفرگرەکە سایتەکانی تایبەت بە چێشت لێنان بکاتەوە. یان فیلمێك سەیر بکات، یان یارییەك بکات. دەتوانی فەرمانەکان بە دەنگ بە بەفرگرەکە بڵێی.



## سایتێک بۆ دۆزینەوەی لینکی دانلودەکان

جار هەیە نیازت هەیە گۆرانییەك، فیلمێك یان پرۆگرامێك دابەزینی، بەڵام لینکی دابەزاندن واتە دانلۆدەکەت دەست ناکەوێ.. بۆ ئەم مەبەستە سەر لە سایتی FilecChef بدە، لەم سایتەدا ناوی ئەو فیلم یان گۆرانی یا پرۆگرامە بنووسە بەڵام بە دووروردرێژی نەبێت، مەگەر لە زنجیرەیەکدا مەبەستت ئەڵقەیەکی دیاریکراو بێت.. دوای ئەوە سێرچ بکە، یەکسەر دەچێتە سەر گوگڵ و لینکی دانلۆدەکە دەدۆزێتەوە و دەتوانی دایبەزینی...